www.kurdistannet.org
3-11-2003 21:28

**کۆبونەوەی شام .... ئەحمەد دەشتی**

داگیرکەرانی کوردستان هەمیشە چۆن سالەهای سالە کەکوردستانیان داگیر کردوە ئاواش هەمیشە لە پیلانگێڕانن دژ بە هەموو مافێکی ڕەوای گەلی کورد و هەرگیز نایانەوێ کە رۆژێ لە ڕۆژان گەلی کورد لە سەر خاکی خۆی کوردستانی زێدی باوک و باپیرانی خۆی دا ئازاد وڕەها بژیت و هیچ مافێکی میللی خۆی هەبێت و بە هیچ کیانێکی میللی کورد و کوردستان قایل نین و هەردەم لە خەیالی ئەوە دان کە چۆن بتوانن بە گژ گەلی کوردا بچن و چۆن ڕێگری هەموو بیرو بۆچون و قەوارەیەکی میللی کورد بن و دژ بە هەر هەنگاوێک بن کە بەسودی کوردو کوردستانە، هەمیشە داگیرکەرانی تورک و تازی و فارس کە نەیارانی دیرینەو سەر سەختی گەلی کوردن یەکتریان گرتۆتەوەو لەپێناوی دژایەتی کوردو کوردستان دا هەردەم کێشەکانی خۆیان وەلا ناوەو دەستی ناڕەوایانەیان و مرۆکوژانەیان بۆ گیانی گەلی کورد درێژ کردووەو بۆ دژایەتی کوردو کوردستان دەستیان بۆ هەموو هەنگاوێکی نامرۆڤانە بۆ لەناو بردنی گەلی کورد بردووە، ئەوان نەک دژی سەربەخۆیی گەلی کورد بوینە بەلکو دژ بەناوی کورد و کوردستانیشن و تەنانەت پەیڤین و خوێندن بەزمانی شیرینی کوردیشیان قەدەغە کردووەو هەمیشەدژ بە هەموو مافێکی کەلتوری و فەرهەنگی میللی کورد بوینە، ئەوان هەرگیز دانیان بەکوردو کوردستان نەناوە، کێ بێ ئەوە نەزانێت کەئەو داگیرکەرەدڕندانە هەتا ئەمڕۆش گەلی کورد لەکوردستانی باکور و ڕۆژهەلاتو باشوری بجووکیش دا تەنانەت لە زمانی زگماکی باوک و باپیرانیشیان قەدەغەکراون و گەلی کورد کە لە هەموو ئەو ناوچە داگیرکراوانەدا کە زیاتر لە 35 ملیۆن کورد دەبن بێ بەشن لە هەموو مافێکی میللی خۆیان دا، ئەم داگیرکەرانە هەمویان بە تێکڕایی ئەو ڕاستیەش زۆر چاک دەزانن کە ڕۆژێ لەڕۆژان ئەم گەلە کوردە کە سالەهای سالە بە هەموو شێوەیەکی نامرۆڤانە دەستیان بۆ گیانی ئەم کوردە درێژ کردووەو چۆن چنگی درندەییان سورە بە خوێنی هەزاران هەزار ڕۆلەی کوردی قارەمان و سالەهای سالە کە کوردستانیان وێران کردووەو و گەلی کوردیان لەژێر باری گرانی زەبرو زەنگ دا داپلۆسیوە و هەموو بەر و بومێکی ئەم کوردستانەیان بە تالان بردووەو تەنانەت فەرهەنگ و کەلتوری میللی کوردشیان دزیوەو بە هەزاران هەزار رۆلەی قارەمانی کوردیان بێ سەر و شوێن کردوەو هەتا ئەمڕۆکەش لە کردەوە نامرۆڤەکانیان دژ بە کورد و کوردستان نەوەستان و هەتا ئەو ساتەش کە بۆیان بلوێت ئەوا ناوەستن و دژی هەمووماف و قەوارەیەکی کورد و کوردستان دەبن، داگیرکەرە دڕندەکانی کوردستان هەمیشە کە بۆن و هەستێک بکەن کەوا گەلی کورد لەکوردستان دا خەریکە بە مافەکانی ڕەوای خۆی شاد ببێتن ئەوا دەکەونە پەلەقاژەو بۆ پەلاماردانی کوردستان زیاتر دەکەونەخۆو لەهەموو کەنالەکانەوە پەلاماری گەلی کورد دەدەن و زیاتر خەریکی پیلان و دەسیسەگێڕان دەبن کۆڕو کۆبونەوەکان ساز دەدەن و دژ بە کورد دینە هەلێرەوە ئیتر

کۆبونەوەکانیان دەخەنە گەڕەوە، کۆبونەوەکانی ئەستەنبۆل و شام و تاران بەیەکەوە دەبەستن و زۆر بێ شەرمانە لە بەر چاوی هەموو جیهانیان دژ بەکوردو کوردستانەوە دەدوێن.

هەر لەم دواییانە دا دەبینین کەکۆبونەوەکانی ئەستەنبۆل لە کانوونی دووەمی 2003داو کۆبونەوەی شاری ریازی سەعودی لە 18 نیسانی 2003داو کۆبوونەوەی تارانیان لە 28 ئایاری 2003 دا و ئەم کۆبونەوەی ئەمجارەشیان لە هەفتی مانگی ڕەمەزانی 2003 دا لە شام هەمان تاس و هەمان حەمامە کە ئەوان باس و خواسەکانیان لە ڕوانگەیدژایەتی کردنی گەلی کورد دا خستۆتە بەر گفت وگۆکانیانەوە، ئەوان زۆر بە ئاشکرایی دژ بە دەست تێوەردان لە کاروباری ناو خۆیی خۆیان دەدوێن لە هەمان کاتیش دا خۆیان لە دەست تێوەردان لە کارو بارەکانی کوردستان و تەواو عێراق دا دوورناخەنەوەو ئەمەش لە کاتێک دایە کە بەبێ بەشدار بوونی ڕێزدار هوشیار زێباری کە وەزیری دەرەوەی عێراقەو بۆ خۆی یەکێکە لەکوردانی خەباتگێڕو مرۆڤ دۆست، کە بانگ نە کردنی ڕێزدار هوشیار زێباری کە وەزیری دەرەوەی عێراقە خۆی دیاردەیەکی دوژمنکارانەیە بە گەلی عێراق و بە تایبەتی گەلی کورد، ئەوان لە بەیانەکەی دوایی کۆبونەوەکەیان دا زۆر بە ڕاشکاوی باسی دژایەتی لە پارچە پارجە بوونی ئێراقدا دەکەن کە لێرانەدا تەنیا مەبەستیان گەلی کوردەو بەس، هەرچەند ئەم مافە تەنیا مافی گەلی کوردە کە خۆی دەتوانێ ئەو بریارە هەرەگرینگەی خۆی بدات نەک لەم جۆرە کۆبوونەوانەی کە خودی داگیرکەرە دڕندەکانی کوردستان بەڕێوەی دەبەن، بڕیاری مافی چارەنووسی گەلی کورد قەدەغە بکەن و دەست بخەنە ناو کارو باری گەلی کورد لە باشووری کوردستانەوە، هەتا ئەمڕۆ کەبەخەیالی خاویان دیسان دکارن کە گەلی کورد لە وەدی هێنانی مافەکانی کە هەزاران شەهیدمان لە پێناو دایە ئەمجارەش توشمان بە کارەسات و داپلۆسین بکەنەوە، ئەمرۆ کە هەلێکی پیرۆز بۆ گەلی کورد لەکوردستانی باشوردا هەلکەوتوە و تەنیا گەلی کورد خاوەنی بڕیاردانی چارەنوسی خۆی لە دەست خۆیەتی و کەسێکی تر ئەو مافەی نیە کە بێت و بڕیار دەر بکات و بێ شەرمانە بلێت کە نابێ گەلی کورد قەوارەیەکی میللی خۆی هەبێت و سەربەخۆو ئازاد و ڕەها بژیت و مافی جیا بونەوەی نیەو هەر ژێر دەستە بێت.

| | |
|---|---|
| بڕۆن بــــڕۆن وەدرکـــــەون | چیتـر لەگـەل ئێـــــوە نـاژی |
| لەخـاکی کورد دوور وەرکەون | مافی خۆمە ســــــەربەخۆبم |
| کوردســـــتانم جێی شـــێرانە | خـــاوەن ئـالاو خاکی خۆ بم |
| لانەی کـوردم کوردســـــتانە | بـــڕۆن برۆن چـــارە ون کەن |
| کێ بیەوێ دەســـــت درێژ کا | نەفـرین لەخۆو کردارتان کەن |
| ئـــەوا مەرگی دابیــــن دەکا | بژی کـــوردو کوردســـــتانم |
| کوردیش دەبێ ڕەهـــــا بژی | تف لە چــــــارەی نـــەیارانم |